کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-12-2006 0:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەسێدارەدانی سەددام سەرکەوتن بۆ شیعەکان و پەراوێزخستنی کورد ... کاوە ئەمین

ڕەمزی تاوانەکانی بەعس، سەددام حسێن، لەسێدارە درا، بەو شێوەیە کۆتایی بە دەستەڵاتی دیکتاتۆریی سەددام هات وەکو شەخس، بەڵام سەدام لە ماوەی سی ساڵی حوکمڕانیدا، دەیان هەزار سەددامی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە. سەددام خەوێکی ناخۆش بوو کە ڕۆژانە دەهاتە خەوی نەتەوەی کورد. لە سەردەمی حوکمڕانی سەددام دا، دەیان هەزار کوردی فەیلی، ئاوارە و دەربەدەر و کۆکوژ کران، هەشت هەزار بارزانی لە شەو و ڕۆژێکدا بێسەروشوێن کران، لە پرۆسەی ئەنفالدا ١٨٢٠٠٠ کوردی لەناو برد، ٥٠٠٠ مرۆڤی لە هەڵەبجە بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویی شەهید کرد، ئەمە جگە لەوەی کە دەیان هەزار کورد بوونە قوربانی لە دوای ١٩٦١ بە دواوە، کەم ماڵی کورد هەیە لە باشووری کوردستان خۆشەویستێکی بە دەستی بەعسییەکان نەکوژرا بێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەدەبوو کورد بە لەسەێدارەدانی سەددام ڕازی بێت، ئاخر بە کوشتنی سەددام مەلەفی ئەو هەموو قوربانییەش دەپێچرێتەوە و دەیان وڵات و لایەنی جۆراوجۆر کە دەستیان لە بە هێز کردنی سەددام دا هەبوو و چاویان لە تاوانەکانی بەعس دژی نەتەوەی کورد، پۆشی، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.



شیعەکان بە لە سێدارەدانی سەددام، ویژدانی خۆیان لە بەردەم مێژوودا ئاسوودە کرد و تۆڵەی هەشتا ساڵەی بە کۆیلەکردنی خۆیان لە کەسایەتی سەددامدا لە عەرەبی سوننە کردەوە، بەڵام هەمانکات غەدرێکی گەورە لە کورد کرا کە سەددامیان نەهێشتەوە تا لە پای تاوانەکانی دژی نەتەوەی کورد دادگایی بکرێت. دادگا ماوەی مانگێکی بۆ لە سێدارەدانی سەددام دانابوو واتە دەتوانرا لە ماوەی ئەو مانگەدا سەددام بە تاوانی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە دادگایی بکرایە، خۆ ئەگەر سەددام بە تاوانی کوشتنی خەڵکی دوجێل لەسێدارە درا، ئەوا دەبوو بە تاوانی ئەنفال سەدان جار لە سێدارە بدرایە.

بە داخەوە سەرکردەکانی کورد لە دوای گرتنی سەددام لە لایەن ئەمریکییەکانەوە نەیانتوانی یانیش نەیانوویست ئەو دەرفەتە مێژووییە بۆ ناساندنی ئەنفال وەکو جینۆساید بە حوکوومەتی عێراق، کە خۆیان بەشێکن لێی بە تایبەتی و جیهان بەگشتی، بناسێنن.

هەندێک جار لە ڕاگەیاندنی کوردییەوە کە باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵبجە دەکرێت، گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەڵێن:"سەددام تەنانەت کیمیاویی بە دژی گەلەکەی خۆی بەکارهێناوە"، واتە لای ئەوان کورد بە شێکن لە گەلەکەی سەددام. لەناوبردنی سەددام بەو پەلە پەلە نیشانەی ئەوەیە کە شیعەکان ویستیان نیشانی دنیای بدەن کە سەددام لەسەر تاوانەکانی دژی شیعەکانی عێراق و ئامۆزاکانیان لە ئێران هەڵواسرا، تەنانەت ئەوەتا لەو کاتەی پەتەکە دەخەنە ملی سەددام، بەناوی موقتەدا سەدرو و ئایەتوڵڵە سەدری باوکییەوە کە ئەمەی دواییان لە لایەن سەددامەوە کوژرا پێی دەڵێن: ڕەوانەی دۆزەخت دەکەین.

نووری مالیکیش بە ئیمزاکردنی مەرگی سەددام جێگایەکی حوسێن و حەسەن ئاسایی بۆ خۆی لە نێو شیعەکاندا تۆمار کرد.

سەددام لە دوای خۆی کۆمەڵێک وێنەو، کۆمەڵێک ژنی خزمی خۆی بەجێهێشت کە "ڕەنگە" تا دەمرن چاویان بە عێراق نەکەوێتەوە، وڵاتێکی کاول و وێرانی بەجێهێشت و مردنەکەشی دەبێتە فیتنە، گۆلێکی خوێنین بۆ خنکاندنی شیعە و سوننە کە پێناچێت بەم زوانە کۆتایی بێت.

کورد، نە وەک نەتەوە و نە سەرکردەکانیشی کەڵکیان لە گرتن و ڕوخاندنی عێراق وەرنەگرت، ئاخر کورد دەستێکی باڵای هەبوو لە بنیات نانەوەی عێراقدا وەکو دوکتۆر بورهان یاسین دەڵێت" عێراقیان بنیات نایەوە تا بچن داوای فیدراڵیان لێ بکەن".
لە سێدارەدانی سەددام، جارێکی تریش ئەوەی بە بیر هێنایەوە کە دیکتاتۆرەکان پەند لە مێژوو وەرناگرن، سەددام زۆر شت لە ستالینەوە فێربوو و لاسایی دەکردەوە و لەبەر هەمان ئاوێنەدا سەیری سەر و فەساڵی خۆی دەکرد، پینۆشێت تا مردیش دانی بە تاوانەکانی خۆیدا نەنا، چاوشیسکۆ ئیمپراتۆریەتێکی بەناو کۆمۆنیستی بنیات نا، بەڵام دواجار چەند گوللەیەکی بەنسیب بوو، پۆل پۆت کەمبۆجیای پڕ کرد لە کەللە سەری مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە بەڵام وەکو مەڕێکی پیر چاوەڕوانی قەسابی کرد. مێژووی مرۆڤایەتی تیژین لەم جۆرە کەسانە و مێژوو تف و نەحلەتیان دەکات. تۆ بڵێی فەرەخە دیکتاتۆرەکان دەرس لە سەددام وەرگرن یان ئەوانیش هەمان چارەنووسیان بەنسیب دەبێت؟